**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ٣٤٥٣ لە ٢٠١٦/٨/١١**

## بڕیاری
## ژمارە ( ٨٥ )ی ساڵی ٢٠١٦

**پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کرێ و ڕسووماتی تایبەت بە خزمەتگوزاریی گواستنەوە و گەیاندن لە هەرێمی کوردستان ، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە نووسراویان ژمارە (٤١٩) لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٢/٨، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣) لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٥/٢، و پشت بەست بە بڕگەکانی ماددەی (دووەم) لە یاسای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١١، بڕیاردرا بە:-**

**١- وەرگرتنی کرێ لە بەرامبەر تەرخانکردنی لەرینەوەکانی بەکارهاتوو لە سیستەمەکانی گەیاندن و ئاڵوگۆڕکردنی دەنگ و ڕەنگ و داتا و زانیاریی خزمەتگوزارییە جیاوازەکانی ئینتەرنێت لە چوارچێوەی سنووری هەرێمی کوردستان بەپێی مۆڵەتەکانی سەرجەم بوارەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن کە لەلایەن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆمپانیا و نووسینگە و کەناڵەکانی بواری گەیاندن و ڕاگەیاندن دراوە لە سنووری هەرێمی کوردستان بە پیادەکردنی هەمان سیاسەت و ڕێنمایی و خشتەی پێوەر و فاکتەر و هاوکێشەکانی کارپێکراو لەلایەن دەستەی عێراقی فیدراڵی بۆ گەیاندن و ڕاگەیاندن (الهيئة العراقية للإتصالات والإعلام - CMC) لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان.**

**٢- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست دەردەکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی بڕگەی (١)ی ئاماژەپێدراوی سەرەوە و دەستنیشانکردنی بڕی کرێیەکان لەسەر ئەو بوارانەی ئاماژەیان پێدراوە بۆ هەر بوارێکی جیای گەیاندن و ڕاگەیاندن کە لەلایەن وەزارەتەوە مۆڵەتیان پێدراوە یان لە داهاتوودا پێی دەدرێت و ئەو ڕێنماییانە کاریان پێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).**

**٣- وەرگرتنی بڕی ڕسووماتی تایبەت بە بوارەکانی گواستنەوەی زەمینی بۆ ئەو کۆمپانیا و نووسینگە و کەسانەی کە لە بوارەکانی گواستنەوەی زەمینی لە چوارچێوەی سنووری هەرێمی کوردستان کاردەکەن بەپێی ئەم (٤) چوار خشتەیەی خوارەوە کە هاوپێچی ئەم بڕیارەن:-**

| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتە | ژمارەی بڕگەکانی خشتە | بڕگەی یەکەمی خشتە | بڕگەی کۆتایی خشتە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | خشتەی ڕەسمی<br>پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کاری<br>کۆمپانیاکانی<br>بواری گواستنەوە | ٨<br>(هەشت) | گواستنەوەی<br>هاووڵاتییان | کۆمپانیاکانی ڕێکلامکردن لەسەر<br>ئامرازەکانی گواستنەوە (پاص و<br>تاکسی) |
| ٢ | خشتەی ڕەسمی<br>پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کار بۆ<br>نووسینگەکانی<br>بواری گواستنەوە | ٧<br>(حەوت) | گواستنەوەی<br>هاووڵاتییان | نووسینگەکانی<br>گواستنەوەی فەرمانبەران و<br>خوێندکاران و قوتابییان |
| ٣ | خشتەی ڕەسمی پێدانی<br>هێڵی گواستنەوە بۆ نێوان<br>شارەکان و قەزا و ناحییەکان | ١٠<br>(دە) | ئۆتۆمبێلی کرێی<br>(٤) نەفەر | ڕەسمی گواستنەوەی<br>موڵکییەتی مۆڵەتی هێڵی ئاسایی دوای<br>تەواوبوونی ماوەی<br>دوو ساڵ لەسەر مۆڵەت |
| ٤ | تێچوو و ڕەسمی ساڵانەی پێدانی ئارم و کارتی<br>بەڕێوەبەرایەتییەکانی گواستنەوە بۆ<br>ئۆتۆمبێلەکانی هێڵەکانی دەرەوەی شار | ٣<br>(سێ) | تێچووی دروستکردنی<br>یەك ئارم | ڕەسمی<br>پێدانی کارتی کارکردن<br>بۆ پاص بۆ هەر کورسییەك |

**٤- وەرگرتنی بڕی سزا داراییەکانی (الغرامات) هاتوو تایبەت بەو کۆمپانیا و نووسینگە و کەسانەی لە بوارەکانی ئاماژەپێدراوی بڕگەی (٣)ی سەرەوە کاردەکەن بەپێی خشتەی ژمارە (٥)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە دەبێت بە ناوی (خشتەی سزا داراییەکان بۆ سەرپێچییەکانی تایبەت بە کۆمپانیا و نووسینگە و ئۆتۆمبێلەکانی بواری گواستنەوە) کە (٥) پێنج بڕگەیە و بە بڕگەی ژمارە (١) سەرپێچی کارکردنی ئۆتۆمبێل و پاص بەبێ مۆڵەتی کاری گواستنەوە دەستپێدەکات، و بە بڕگەی ژمارە (٥) ڕەفتارکردن بە مۆڵەتی هێڵەکان کە ماوەی یاسایی (٢) دوو ساڵیان تەواو نەکردبێت کۆتایی دێت.**

**٥- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەتوانێت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی بڕگەکانی (٣) و (٤)ی ئەم بڕیارە دەربکات.**

**٦- کار بە هیچ بڕیار و ڕێنماییەکی دارایی ناکرێت دژ بە ئەحکامەکانی ئەم بڕیارە بێت.**

**٧- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکەن.**

**نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**خشتەی ژمارە (١)**

**خشتەی ڕەسمی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کاری کۆمپانیاکانی بواری گواستنەوە**

| ژ | بواری کار و چالاکی تایبەت بە کۆمپانیاکانی گواستنەوە | بڕی ڕەسمی پێدانی مۆڵەت بۆ یەکەمجار (بەدینار) | | بڕی ڕەسمی نوێکردنەوەی مۆڵەت ساڵانە (بەدینار) | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | | (بە ژمارە) | (بە نووسین) | (بە ژمارە) | (بە نووسین) |
| ١ | گواستنەوەی هاووڵاتییان | ٢,٤٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دینار | ٧٥٠,٠٠٠ | حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٢ | گواستنەوەی کەلوپەل | ٣,٢٠٠,٠٠٠ | سێ ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی | ٤,٠٠٠,٠٠٠ | چوار ملیۆن دینار | ١,٢٥٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و دووسەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٤ | فریاگوزاری | ٢,٤٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دینار | ٧٥٠,٠٠٠ | حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٥ | تاکسی تەلەفۆن | ٢,٤٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دینار | ٧٥٠,٠٠٠ | حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٦ | کۆمپانیاکانی بەکرێدانی ئۆتۆمبێلی تایبەت | ٢,٤٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دینار | ٧٥٠,٠٠٠ | حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٧ | کۆمپانیاکانی گواستنەوەی فەرمانبەران و خوێندکاران و قوتابییان | ٢,٤٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دینار | ٧٥٠,٠٠٠ | حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٨ | کۆمپانیاکانی رێکلامکردن لەسەر ئامرازەکانی گواستنەوە (پاص و تاکسی ) | ٢,٤٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دینار | ٧٥٠,٠٠٠ | حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار |

**خشتەی ژمارە ( ٢ )**

**خشتەی رەسمی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کار بۆ نووسینگەکانی بواری گواستنەوە**

| ژ | بواری کار و چالاکی تایبەت بە نووسینگەکانی گواستنەوە | بڕی رەسمی پێدانی مۆڵەت بۆ یەکەمجار (بە دینار) | | بڕی رەسمی نوێکردنەوەی مۆڵەت ساڵانە (بە دینار) | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | (بە ژمارە) | (بە نووسین) | (بە ژمارە) | (بە نووسین) |
| ١ | گواستنەوەی هاووڵاتییان | ١,٢٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و دووسەد هەزار دینار | ٣٧٥,٠٠٠ | سێ سەد و حەفتا و پێنج هەزار دینار |
| ٢ | گواستنەوەی کەلوپەل | ١,٦٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار | ٥٠٠,٠٠٠ | پێنج سەد هەزار دینار |
| ٣ | گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار | ٦٢٥,٠٠٠ | شەش سەد و بیست و پێنج هەزار دینار |
| ٤ | فریاگوزاری | ٨٠٠,٠٠٠ | هەشت سەد هەزار دینار | ٢٥٠,٠٠٠ | دووسەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٥ | نووسینگەکانی تاکسی تەلەفۆن | ١,٢٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و دووسەد هەزار دینار | ٧٥٠,٠٠٠ | حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٦ | نووسینگەکانی بەکرێدانی ئۆتۆمبێلی تایبەت | ٢,٤٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دینار | ٧٥٠,٠٠٠ | حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٧ | نووسینگەکانی گواستنەوەی فەرمانبەران و خوێندکاران و قوتابییان | ٢,٤٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دینار | ٧٥٠,٠٠٠ | حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار |

## خشتەی ژمارە ( ٣ )

## خشتەی رەسمی پێدانی هێڵی گواستنەوە بۆ نێوان شارەکان و قەزا و ناحیەکان

| ژ | جۆری ئۆتۆمبێل | نێوان شارەکان (بە دینار) | | نێوان قەزا و ناحیە و هێڵەکانی ناوەوەی شارەکان (بە دینار) | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | (بە ژمارە) | (بە نووسین) | (بە ژمارە) | (بە نووسین) |
| ١ | ئۆتۆمبێلی کرێی (٤) نەفەر | ٣,٠٠٠,٠٠٠ | سێ ملیۆن دینار | ١,١٢٥,٠٠٠ | یەك ملیۆن و سەد و بیست و پێنج هەزار دینار |
| ٢ | پاص ( ٧-١٠) نەفەر | ٢,٤٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار | ٩٠٠,٠٠٠ | نۆ سەد هەزار دینار |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | پاص( ١١-١٥) نەفەر | ٣,٠٠٠,٠٠٠ | سێ ملیۆن دینار | ١,١٢٥,٠٠٠ | یەك ملیۆن و سەد و بیست و پێنج هەزار دینار |
| ٤ | پاص (١٦-٢١) نەفەر | ٣,٦٠٠,٠٠٠ | سێ ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار | ١,٣٥٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و سێ سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٥ | پاص (٢٢-٣٠) نەفەر | ٤,٢٠٠,٠٠٠ | چوار ملیۆن و دووسەد هەزار دینار | ١,٦٥٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و شەش سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٦ | پاص (٣١) نەفەر و زیاتر | ٦,٠٠٠,٠٠٠ | شەش ملیۆن دینار | ٢,٢٥٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن و دوو سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٧ | ڕەسمی مۆڵەتی گۆڕینی هێڵ لە نێوان هێڵەکانی دەرەوە یان لە نێوان هێڵەکانی ناوەوە یان لە نێوان هێڵەکانی دەرەوە بۆ هێڵەکانی ناوخۆ یان بە پێچەوانەوە | ٤٥٠,٠٠٠ (چوار سەد و پەنجا هەزار دینار) | | | |
| ٨ | ڕەسمی کارتی کارکردنی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرەکانی تاوەکو دوو تەنی | ٢١,٠٠٠ (بیست و یەك هەزار دینار) | | | |
| ٩ | بۆ هەر تەنێك زیاتر لە دوو تەنی ئاماژەپێدراو لە برگەی (٨)ی ئەم خشتەیە | ٦,٠٠٠ (شەش هەزار دینار) | | | |
| ١٠ | ڕەسمی گواستنەوەی موڵکییەتی مۆڵەتی هێڵی ئاسایی دوای تەواوبوونی ماوەی دوو ساڵ لەسەر مۆڵەت | ٥٠٠,٠٠٠ (پێنج سەد هەزار دینار) | | | |

## خشتەی ژمارە (٤)

### تێچوو و ڕەسمی ساڵانەی پێدانی ئارم و کارتی بەڕێوەبەرایەتییەکانی گواستنەوە بۆ ئۆتۆمبێلەکانی هێڵەکانی دەرەوەی شار

| ژ | جۆری ڕەسم | بڕی ڕەسم (بە دینار) | |
|---|---|---|---|
| | | (بە ژمارە) | (بە نووسین) |
| ١ | تێچووی دروستکردنی یەك ئارم | ٩,٠٠٠ | نۆ هەزار دینار |
| ٢ | ڕەسمی پێدانی کارتی کارکردن بۆ تەکسی بۆ هەر کورسییەک | ٣,٠٠٠ | سێ هەزار دینار |
| ٣ | ڕەسمی پێدانی کارتی کارکردن بۆ پاص بۆ هەر کورسییەك | ١,٥٠٠ | هەزار و پێنج سەد دینار |

## خشتەی ژمارە (٥)

### خشتەی سزا داراییەکان بۆ سەرپێچییەکانی تایبەت بە کۆمپانیا و نووسینگە و ئۆتۆمبێلەکانی بواری گواستنەوە

| ژ | جۆری سەرپێچی | بڕی پارەی سزای دارایی (بە دینار) | |
|---|---|---|---|
| | | (بە ژمارە) | (بە نووسین) |
| ١ | سەرپێچی کارکردنی ئۆتۆمبێل و پاص بە بێ مۆڵەتی کاری گواستنەوە | ١,٥٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |
| ٢ | ئەو ئۆتۆمبێلانەی تایبەتن و بەسەرپێچی لە هێڵەکان کار دەکەن بە بێ مۆڵەتی فەرمی کار | ١,٥٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |
| ٣ | ئەوانەی هێڵیان هەیە بەڕەسمی بەڵام بە سەرپێچی لە هیڵەکانی تر کاردەکەن بە بێ ڕەزامەندی فەرمی | ٧٥٠,٠٠٠ | حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٤ | دواکەوتنی نوێکردنەوەی کارتی کارکردن | ١٠٠,٠٠٠ | سەد هەزار دینار |
| ٥ | ڕەفتارکردن بە مۆڵەتی هێڵەکان کە ماوەی یاسایی (٢) دوو ساڵیان تەواو نەکردبێت | ٥,٠٠٠,٠٠٠ | پێنج ملیۆن دینار |